# منداڵ و کارکردن

و لە ئینگلیزییەوە: محمد ڕەسوڵ سەنگەسەری

کارکردنی منداڵان واتە ئیش پێکردنی منداڵانە لە خوار ئەو تەمەنەی کە بە گوێرەی یاساو دەستور بڕیاری لەسەر دراوە، ئەمەش لەلایەن زۆربەی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە بە ئیستیغلالکردنی منداڵان دانراوە. کارکردنی منداڵان بەدرێژایی مێژوو کێشەیەکی ئەوتۆ نەبووە، بەڵام کاتێ بەخوێندن کردنی منداڵان لە جیهانداو بیرۆکەی کرێکاران و مافەکانی منداڵان هاتە ئاراوە، مەسەلەی کارکردنی منداڵان بوو بەکێشەیەکی مشتومڕاوی. کارکردنی منداڵان زۆر لایەنی کار دەگرێتەوە وەکو کارکردن لە کارگە، چاڵە خەڵووزی بەردین یان هەڵکەندنی زەوی، کاری کشتوکاڵی، یارمەتی دانی دایك و باوکیان لە ئیشوکارەکانیان، ئیشی بچوکی سەربەخۆ(بۆ نمونە فرۆشتنی خواردن) یان وردە ئیشی جۆراوجۆر. هەندێ منداڵ وەکو دەلیلی گەشتیاران کاردەکەن، هەندێ جاریش لەگەڵ ئەمەدا مشتەری بۆ دوکان و خواردنگەکان پەیدا دەکەن ( لەوانەیە بۆ خۆیان لەو شوێنانە وەکو خزمەتکار کاربکەن). هەندێ منداڵ زۆریان لێدەکرێت کە ئیشی ناخۆش و درێژخایەن بکەن یان ئیشی هەمیشە دووبارەبووەوە بکەن وەکو کۆکردنەوەو سەفتەکردنی بۆکس و کارتۆن، یان پێڵاو بۆیاغ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا جگەلە کارکردن لە کارگەو دوکانی شیرنەمەنی، زۆربەی کاری منداڵان لە کەرتی نافەرمییە، وەکو فرۆشتنی شتومەك لەسەر شەقام، کاری کشتوکاڵی، یان لە خانووبەرە، – دوور لە چاوی پشکنێنەرانی کاری فەرمی و میدیاوە. بەگوێرەی ڕێکخراوی یونیسێف نزیکەی (٢١٨) ملیۆن منداڵ لە سەرتاسەری جیهاندا لەنێوان تەمەنی ٥ بۆ ١٧ ساڵان کاردەکەن، ئەمە جگە لە کارکردن لەنێو ماڵدا. ئەو جۆرە کارکردنەی کە زۆر مشتومڕی لەسەرە بریتییە لە سەربازگیری منداڵان و هەروەها بەکارهێنانی منداڵان بۆ سێکس بەرامبەر پارە تاڕادەیەك کەمتر مشتومڕی لەسەرە، هەندێ کار یاسایین لەگەڵ هەندێ مەرجدا وەکو کارکردن وەکو ئەکتەر یان گۆرانی بێژ، هەروەها کاری کشتوکاڵی لەکاتی پشووی خوێندن (ئیشی وەرزی).

**مافەکانی مرۆڤ و کارکردنی منداڵان:**

نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کرێکاران، کار کردنی منداڵان بە ئیستیغلال کردنی منداڵان دادەنێن، کە ئەمەش لە لالەیەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەندی ٣٢ ی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ هاتووە، کە دەڵێ: ***دەوڵەت دەبێت دان بنێت بەمافی منداڵدا، منداڵ دەبێت بپارێزرێ لە ئیستیغلال کردن لە پێناو ئابوریداو لە کردنی کارێ کە پێبچێت مەترسیداربێت یان کاریگەری هەبێت بۆسەر خوێندنی منداڵەکە، یان زیان بەخشبێت بۆ تەندروستی منداڵەکە یان جەستەی، ڕوحی، هۆشی، ڕەوشتی یان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.*** زۆربەی وولاتان، پێیان وایە شتێکی نەشیاوە یان ئیستیغلال کردنە ئەگەر منداڵ لە خوارتەمەنی دیاریکراو کاربکات، جگە لە وردەئیشی ماڵەوە یان ئەرکی قوتابخانە. عادەتەن خاوەن کار بۆی نییە کەمنداڵی خوار تەمەنی دیاریکراو بەکرێ بگرێت. ئەم تەمەنە دیاریکراوەش دەکەوێتە سەر وولاتەکە، یاساکانی کارکردنی منداڵان لە ئەمریکا کەمترین تەمەنی بۆ کارکردنی منداڵان لە ١٦ ساڵیەوە داناوە بەبێ ڕازی بوونی دایك و باوك یان سنورداركردنێك. لە شۆڕشی پیشەسازیدا، منداڵی وەکو چواردە ساڵان کاریان پێدەکرا لە کارگەکانی بەرهەم هێنان کە حاڵەتی ئیشکردنەکە مەترسیدارو کوشندە بوو. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە بەکارهێنانی منداڵان وەکو کرێکار ئێستا لەلایەن دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانەوە بە پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت و لەدەرەوەی یاسایە لەکاتێکدا هەندێ لە ولاتە هەژارەکان لەوانەیە ڕێگە بەکارکردنی منداڵان بدەن و هەمواری لەگەڵ بکەن. لە نەوەدەکاندا هەموو وولاتانی جیهان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد لە سۆماڵ و



ئەمریکا کە ئیمزای پەیماننامەی مافەکانی منداڵ بکەن. پەیماننامەی مافەکانی منداڵ بەهێزترینو هاوتاترین زمانی یاسایی نێودەوڵەتییە کارکردنی نایاسایی منداڵان قەدەغە دەکات، کارکردنی منداڵ نایاسایی ناکات.

**مێژووی کارکردنی منداڵ لە وڵاتە پیشسازیەکاندا:** لە ڕۆژئاوا، لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا کارکردنی منداڵ لەکارگەکاندا باوبوو. لەسەدەی ١٧ بۆ ١٩ منداڵە هەژارەکان دەنێردرانە خانوی کار ( خانوی کار لە کۆندا بینایەك بوو کەخەڵکی هەژاری بۆ دەنێردرا بۆئەوەی لێی بژیەنو کاریشیان پێدەدرا - وەرگێڕ) کەوەکو کۆیلە لەو شوێنە کاریان پێدەکرا. چارلس دیکێنس ڕۆمانێکی بەناوبانگی دەربارەی ئەمە نوسیوە بەناوی **ئۆلیڤەر تویست**. لە ئینگلاندو سکۆتلاند لە ساڵی ١٧٨٨ نزیکەی دوو لە سەر سێی کرێکارانی کارگەی قوماشی بە ئاو ئیشکەری نوێ منداڵ بوون. لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا سەرەتابوو بۆ ڕەتکردنەوەی کارکردنی منداڵان. لە ئەنجامی کەمپینی لۆرد شافتسبێری زنجیرە درامای کارگە بڵاوکرایەوە بۆ سنوردار کردنی هەنگاو بە هەنگاوی کاتەکانی کارکردنی منداڵانو باش کردنی سەلامەتیان. کارل مارکس دەیگوت کە شۆڕشی پیشەسازی باری سەختی ژیانی منداڵانی زیاد کردووە. مێژوو نوس ئی. پی. سۆمپسۆن لە کتێبی تێگەیشتن لە چینی کارکەری ئینگلیز تێبینی ئەوە دەکات کە کارکردنی منداڵان شتێکی تازەنییەو بەشێك بووە لە سروشتی کشتوکاڵکردنو ئابوری پیشەسازی پێش ١٧٨٠ هەرچەندە ئەو دەڵێ کە زیادبونێکی ئەوتۆ هەبوو لە چڕبونەوەی ئیستیغلال کردنی منداڵی کرێکار لە نێوان ١٧٨٠ بۆ ١٨٤٠، هەموو مێژوونوسان بەم سەرچاوەیە ئاشنان. ئەمەش ڕاست بوو وەکو لە چاڵە خەڵوزە بەردینەکاندا، هەندێ جار چاڵەکان زۆرتەسك بوون منداڵان نەیان دەتوانی بەئاسانی پێیاندا تێپەڕبن، کاتێ چاڵەکە هەڵکەندنی دیکەی دەویست لەتەسکاییدا، منداڵانیان پێویست بوو بۆکاری بەپەلەو کارپێکردنی هەوا گۆڕکێ. لە ئاشەکاندا هێزی کاری منداڵانو هەرزەکاران ساڵانە گەشەی دەکرد، لە هەندێ حاڵەتی کارکردندا لەماڵەکان یان بازرگانی بێ ڕێز، کاتەکانی کارکردنی کرێکاران درێژترکرابۆوەو کارەکانیش چڕترکرابوون. هەندێ لە مێژوو نوسانی دی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدانەبوون. فەیلەسوفو مێژوونوسی ئابوری ڕۆبێرت هێسین دەڵێت " ڕاگەیاندنی بەرزبونەوەی ئاستی نارەحەتی ... لەسەربنەمای پشتگوێخستنی ئەوەی کە چەند ژیانێکی ناخۆش بەسەربراوە پێشتر. منداڵان پێش ئەوەی دەست بکەن بە پەیداکردنی پارەو کاربکەن لەکارگەکاندا دەنێردرانە خانوی هەژارەکان لە شارەکان، خزمەتکاریو شاگردی بێپارەیان پێدەکرا لەماڵاندا، بەکرێیان دەدان بۆ کاری زۆر قورسی کشتوکاڵی، یان دەبوون بە سواڵکەر، دز یان سۆزانی. ڕۆژگاری باش هەرگیز نەبووە لە کۆندا.یاساکانی قەدەغە کردنی کارکردنی منداڵان لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا رزامەندیانیان لەسەر کرا، هەرچەندە ڕوون نییە کە ئەم یاسایە هۆیەکی سەرەکییە بۆ ڕەتکردنەوەی ئاستی کارپێکردنی منداڵان یان نا. لێکۆڵینەوەکان لەلایەن کلارك نارداینلی پێشنیازی ئەوە دەکەن کەئاستی کارکردنی منداڵان لە ئەمریکاو ئەوروپای ڕۆژئاوا پێش ئەم یاسایە دابەزیوە، بەهۆی بەرز بوونەوەی ئاستی داخوازی بۆ بەدیهێنانی گەنجی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بە بەرز کردنەوەی ئاستی تەکنەلۆژی ئاڵۆز لە پیشەسازیدا. داخوازی بۆ کرێکاری خوێندەوار هۆکارێك بوو بۆ هاندانی منداڵان کە لەخوێندن بەردەوام بن بۆ جێبەجێکردنی داخوازی تازەی پیشەسازی. ناردایلی ئابوریناسی کلاسیکی بەوە تاوانبار کراوە کە پێشنیاری کردبوو کە منداڵان لە بنەڕەتدا ئارەزومەندن بۆ ئیستیغلال کردن.



دۆخی ئێستا لە وڵاتە هەژارەکاندا: هەندێ خێزان بەزۆری پشتدەبەستن بە کارکردنی منداڵەکانیان بۆڕزگاربوونو مانەوە لەژیانو هەندێ جار سەرچاوەی سەرەکی داهاتیانە. ئەم جۆرە کارە بەزۆری بەشاراوەییە لەبەر ئەوەی لەکەرتی پیشەسازیدانییە. منداڵی کرێکار لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا کاری پێدەکرێت بەنانەسگو لە شاریشدا لە کەرتی نافەرمی کارپێدەکرێت، هەروەها کارکردنی منداڵان لەماڵەوە گرنگە. لەپێناو سودمەندبونی منداڵان پێویستە قەدەغە کردنی کارکردنی منداڵان چارەسەری دوو ڕوبەڕوبوونەوە بکات ئەوانیش دەستەبەرکردنی داهاتی کورت خایەنو هیوایەکی درێژخایەن بۆ منداڵان. هەرچەندە هەندێ لە کۆمەڵەکانی مافەکانی گەنجان وا هەست دەکەن کە قەدەغە کردنی کارکردن لەخوار تەمەنێکی دیاریکراوەوە، پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤە، دەبێتە هۆی ئارەزووبونیان بۆ پارە. هۆکارەکانی ئەوەی کە منداڵان ڕازین یان دەیانەوێ کاربکەن لەوانەیە زۆر گەورەبن. منداڵ لەوانەیە ڕازی بێت کاربکات ئەگەر بۆنمونە پارەی ئیشەکە باش بێ، یان منداڵەکە ڕقی لە خوێندن بێت، بەڵام ئەم جۆرە ڕازیبوونە لەوانەیە ڕازیبونێکی ڕاگەیاندراونەبێت.شوێنی کارکردنەکە لەوانەیە گونجاو نەبێت **بۆ منداڵەکە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ. لە ڕۆژنامەیەکی کاریگەر دەربارەی "کارکردنی منداڵان و ئابوری " لە چاوپیاخشاندنەوەی ئابوری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٨، کاوشیك باسوو فام هووانگ ڤان دەڵێن هۆی سەرەکی کارکردنی منداڵان هەژاری دایكو باوکانە. ئەوان هۆشداری دەدەن دەربارەی یاسای قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان، دەڵێن ئەم یاسایە کاتێك دەبێت کارپێبکرێت کە هۆکارێکی باوەڕپێکراو هەبێت کە قەدەغە کردنی کارکردنی منداڵان ببێتە هۆی بەرزبونەوەی موچەی گەنجانو قەرەبوی تەواوی خێزانی منداڵە هەژارەکان بکاتەوە.**

**کەمپین دژی کارکردنی منداڵان: گرنگیدان بە ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ کڕینی بەرهەمەکانی کۆمپانیاکان بەرزبۆتەوە، بەمانایەکی دی کارگەکان لە**

ولأتانی جیهانی سێیەم منداڵی کرێکار بەکاردەهێنن. بەلأم هەندێکی دیکە پێیان وایە نەکڕینی بەرهەمی ئەو کارگانەی منداڵ کاری تێدادەکەن دەبێتە هۆی بێکاربونی منداڵەکان‌و ئەمەش دەبێتە هۆی پەستان خستنە سەر ئەومندالأنە بۆ کردنی کاری ترسناکترو قورستر وەکو سۆزانیەت یان کاری کشتوکاڵی. بۆ نمونە لێکۆڵینەوەکانی یونیسێف دەریان خستووە ٥٠٠٠ بۆ ٧٠٠٠ منداڵی نیپاڵی بوونەتە سۆزانی دوای ئەوەی ئەمریکا ناردنە دەرەوەی فەرشی لەم وولأتە بۆ دەرەوە قەدەغەکرد لەسالأنی نەوەدەکان. هەروەها دوای هاتنە ئاراوەی یاسای پێشگیری کردن لەکارکردنی مندالأن لە ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نزیکەی ( ٥٠٠٠٠) پەنجاهەزار منداڵ لە بانگلأدیش لە کارگەی پیشەسازی قوماش لەسەر کار دەرکران، زۆربەیان بەرەو هاوینە هەوارەکان ڕۆیشتن بۆ کردنی کاری وەکو بەرد هاڕین، کڕین‌و فرۆشتنی نایاسایی لەسەر شەقامەکان‌و سۆزانیەت، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانی یونیسێف ئەم مندالأنە زیاتر ئیستغلال کران‌و ژیانیان کەوتە مەترسییەوە لەوەی کە لە کارگەی پیشەسازی قوماش کاریان دەکرد. لێکۆڵینەوەکە دەڵێت ئەم دابڕینەی مندالأن لە کار کردن وەکو ئامێرێکی کول وایەو ئەنجامی دوورو درێژی خەراپی هەیە، ئەمە دەکرێ زیان بەو مندالأنە بگەیەنێ لەجیاتی یارمەتی دانیان.ئەمڕۆ چەند کارگەو دەزگایەك بوونەتە ئامانجی چالاکانی پاراستنی مافەکانی مندالأن لەبەر ئەوەی مندالأن وەکو کرێکار بەکاردەهێنن.لە ٢١/١١/٢٠٠٥ لە دێلهی بەسەر ئەو کارگانەدا درا کە کار بەمندالأن دەکەن، ئەمەش لەلایەن جونیدخان چالاکی بەرگریکەری مافەکانی مندالأن بەیارمەتی پۆلس‌و بەشی کرێکاران لە دێلهی‌و ڕێکخراوی ناحکومی پرازام. لە کاتی ئەم عەمەلیاتی ئازادکردنەدا نزیکەی ٤٨٠ منداڵ ئازادکران کە تەمەنیان لە ٦ سالأن بۆ ١٤ سالأن بوون. ئەمە گەورەترین عەمەلیاتی ئازادکردنە لەجیهاندا چاوی حکومەت‌و کۆمەڵگای مەدەنی کردەوە لەڕووی ئازارەکانی کرێکارانی منداڵ‌و چۆن منداڵی بچوك لە چوارچێوەی دیواری کارگەکاندا بەسترابوونەوە. کۆمپانیای فایەستۆن تایەرو ڕەبە لە لیبێریا دەستیان کردووە بە عەمەلیاتێك لەژێرناوی پاك کردنەوەی کێڵگەکان کە کەمپینی جیهانی بە ناوی "بابوەستێ فایەستۆن" زۆر تەرکیزی کردۆتە سەر ئەمە. کرێکارەکانی ئەم کێڵگانە وایان لێچاوەڕوان دەکرێت کە زۆرترین بەرهەمیان هەبێت‌و تەنها نیوە مووچە شیان هەبێت. لەئەنجامی ئەمە زۆربەی کرێکارەکان ناچار دەبن منداڵەکانیان بەرن بۆکار لەگەڵ خۆیان بۆ کار کردن. "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مافەکانی کرێکاران بۆ یارمەتی مادی" داوای لەدژی فایەستۆن بەرزکردۆتەوە لەدادگا لە مانگی ١١ ی ٢٠٠٥ لەجیاتی ئەو مندالأنەی ئێستا کاریان پێدەکرێت لەو کێڵگانەداو لەجیاتی دایك‌و باوکیان کە بەمنداڵی کاریان پێکراوە لەوکێڵگانەدا.



**بەرگری کردن لەکارکردنی مندالأن:**

پێش شۆڕشی پیشەسازی بەشداری کردنی مندالأن لەچالاکی ئابوری زۆر بەهێز بوو، مندالأن کاری کرێکاریان دەکرد لەکێڵگەکانیاندا یان بۆ خێزانەکانیان. میلتۆن فرایدمان دەڵێ شۆڕشی پیشەسازی کارکردنی مندالأنی کەم کردەوە لەجیاتی زیادکردنی. ئەمەش پشگیری کراوە بەهەردووك بەڵگەی ئابوری تیۆری‌و کرداری. بەگوێرەی ئەم تیۆرییە پێش شۆڕشی پیشەسازی نزیکەی هەموو مندالأن کاریان دەکرد لەبواری کشتوکالێدا. لە کاتی شۆڕشی پیشەسازی زۆربەی ئەم مندالأنە لەکاری کشتوکالێیەوە چوون بۆ کارکردن لە کارگەکاندا. کارکردنی زیادەو بەرزبونەوەی مووچە، وایکرد کەدایکان‌و باوکان توانیان منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندن لەجیاتی کارکردن ئەمە وایکرد کارکردنی مندالأن ڕەتبکرێتەوە پێش‌و پاش یاسای قەدەغە کردنی کارکردنی مندالأن. کاتێك بەتێکڕا قەدەغەکردنی کارکردنی مندالأن قبوڵ کرا، هەندێ چاودێری دیکە جیاوازییەکی بەرچاویان کرد لەنێوان کاری خۆیی‌و ماڵەوەی مندالأن‌و هاوبەشی کردن لەکاری بەرفراوانی بەمووچە. سودەکانی کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی لەپێش بینی کردن دەربارەی گۆڕانی بنەڕەتی لە حاڵی حازردا مشتومڕی لە سەرە. مێژوو نوسی ئابوری هەگ کیونیگهام تێبینی ئەوە دەکات لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست، لەوانەیە وادانرابا کە هەرکە کارکردنی مندالأن ڕەتکرایەوە لە ولأتە پێشکەوتووەکان، دەبێتە هۆی وەستاندنی زیاتر دوڵەمەندبوونی دەوڵەمەندەکان لەسەرتاسەری جیهاندا. ئەمە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، جارێکی دی ئەم دیاریدەیە دەردەکەوێتەوە لەوولأتە پێشکەوتوەکان، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە دەربارەی ڕۆڵی کارکردنی مندالأن لەسەر ئابوری، لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان جیهانی. فرایدمان بڕوای وابوو کە نەبوونی کرێکاری منداڵ واتە ژیانێکی ڕاقی‌و خۆشگوزەران کە زۆربەی ولأتە هەژارەکان تاکو ئێستا ناتوانن ئەمەجێبەجێبکەن. بۆ پێشگیری کردن لەوەستاندنی گەشەکردنی ئابوری دەبێت کۆمەڵگا هاوکاری بکرێت بەبوونی بەدیل بۆ کرێکاری منداڵ. لەو کۆمەڵگایانەی هەژارترن مندالأن لەلایەن خێزانەکانیانەوە دەخرێنە سەر کار بەهەر پارەیەك بێت لەبەرئەوەی ئەو خێزانانە ناتوانن منداڵی بێکارو بێ بەرهەم بەخێوبکەن. لەمەش زیاتر سەرەڕای ئەگەری بەرزبونەوەی مەسروفاتی خێزان لەسەر پاشماوەی داهاتیان، دایکان‌و باوکان لەوانەیە دەستبەرداری هەندێ کارو داهاتی باش بن بۆچاودێری کردنی منداڵە تەمبەڵەکانیان. هەندێك دەڵێن ئەگەر کارکردنی مندالأن بەشێوەیەکی یاسایی قەدەغە بکرێت لەبواری پیشەسازیدا، ئەوا زۆربەی مندالأن ناچاردەبن کاری ڕەشی مەترسیدارتربکەن.

سەرچاوە:

www.en.wikipedia.org/wiki/Child_labor

# سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە ژاپۆن

و: مەحمود عومەر باوزی

لە سەرانسەری سالانی دەیە حەفتا، ئابوری ولاتی ژاپۆن، لە گەشەسەندنو بەرەو پێشچوونی بەردەوامدابوو، تا گەیشتە پلەی ١٠٪ی چالاکی ئابوری هەموو جیهان بەبڕوای زوربەی کارناسان فاکتەری سەرەکی ئەم گەشەسەندنەی ئابوری، دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی پەروەردەو فێر کردن، ئایا ئەمە لەسەر چ بنەمایەكو پەروەردەو فێر کردن چۆن دەتوانێ ئەو رۆڵە مەزنە بگێرێ؟. لە ولاتی ژاپۆن خوێندنی سەرەتایی شەش سالەو لەگەڵ سێ سالی ناوەندیش خوێندن بە زۆرو خۆڕاییە، بۆیە زۆر بە دەگمەن کەسێك لەو ولاتە دەدۆزیتەوە کە قۆناغی ناوەندی نەبڕیبێت. لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی قوتابیانی پۆلەکان بەیەکەوە دەچن بۆ پۆلەکانی سەروترو شتێك بەناوی برینی دوو پۆل لە سالێکدا بۆ قوتابیانی ژیرو بەتواناو کەوتنو راسب بوون بۆ قوتابیانی تەمبەڵو بیر کۆڵ لە ئارادا نیە، خوێندنی دوا ناوەندی (ئامادەیی) لە ژاپۆن سێ سالەو سەرەڕای ئەوەی کە بە زۆر نیە، کەچی ٩٧٪ی خەڵکی ژاپۆن قۆناغی ئامادەیی دەبڕن، ٣٦٪ی لاوان دوای قۆناغی ئامادەیی روو دەکەنە زانکۆو کۆلیژەکان، ١٢٪ی دیکەیان درێژە بە خوێندن دەدەن لە پەیمانگاو کۆلیژە تایبەتیەکانو نیوەی ئەوانە لە بوارەکەدا سەر دەکەون، بەرەو خوێندنی بالا، تا کۆتایی قۆناغەکانی خوێندن، بەپێی سەرژمێریەك نزیکەی نیوەی خوێندکارانی ژاپۆنی دوای برینی قۆناغی ناوەندی دەچنە ناو مەیدانی کارەوەو نیوەکەی دیکەیان دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن دەست بەکار دەبن.

بە کردەوە هەردوو دەستە لەڕێگەی (فێرکردن لەناوجەرگەی کارەوە) بە هەڵو مەرجی وێکچوو، بە سیستەمی (فێرخواز- مامۆستایی) پلەکانی خوێندن دەبڕنو دادەمەزرێن. بۆیە دەکرێ بلێین خوێندکارانی ژاپۆنی نزیکەی نیوە قۆناغەکانی خوێندنی لە قوتابخانە تەواو دەکاتو باقیەکەی دی لەسەر کارو فەرمانگەوە درێژە بە خوێندن دەدات.

((فێرکردن لەناو کارەوە))

لە ولاتی ژاپۆن لەهیچ کەسێك چاوەڕێ ناکرێت لەسەر پیشەیەك تا کۆتایی تەمەنی بمێنێتەوە، فەرمانبەرانی دەزگایەك دوای ئەوەی هەر کەسە لەبواری خوێندنی خۆیدا پسپۆڕی وەردەگرێت، سەر دەکەوێت بۆ قۆناغەکانی سەروتر لەپلەو پایەدا. بەگشتی لەکارگەو دامەزراوەکانی ژاپۆندا سەبکی کار بەم شێوەیە نیە، کە چەند پێویست بێت کرێکارو فەرمانبەر دابمەزرێننو بەرکەنار یان دەری بکەن، بەڵکو شێوازی وەرگرتنی کرێکاری تازە بەشێوەیەکی نەگۆڕو پسپۆڕ لەبوارە جیاجیاکاندا هەڵدەبژێرن، دادەمەزرێنن. کۆمەڵگای ژاپۆن تاکە خواستو ویستی سیستەمی فێر کردن ئەوەیە کە منداڵ گۆش بکاتو رایبهێنێت لەسەر کارکردنو بەگەڕخستنی تواناکانو لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گەلو ولات لە مەیدانی کارداو هیچ کەسێك چاوەڕوانی ئەوە لەخوێندنگە ناکات کەسانێکی تێگەیشتوو پێگەیشتوو ئامادەو پوختەکراو بنێرێتە مەیدانی بنیادنانو بەرهەمهێنانەوە، بێئەوەی دەوامی کارکردنی هاوشانی خوێندنی تێپەڕاندبێ. لە سالی ١٩٨٧ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر سیستەمی خوێندنی ژاپۆن، لەلایەن دوو پسپۆڕی ئەمریکی بلاو کرایەوە، ئەم خالانەی خوارەوە کورتەو پوختەی لێکۆڵینەوەکە بو:

١-کۆمەڵگەی ژاپۆنی لەڕوانگەی پەروەردەو فێرکردنەوە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، سەرکەوتوان لە قوتابخانە، واتە سەرکەوتن لە ژیانو تەنها لەرێگەی خوێندنەوە مرۆڤی ژاپۆنی دەتوانێ بگاتە لوتکەی پلەی کۆمەلایەتیو ئابوری.

٢-پەروەردەو فێرکردن لە ژاپۆن بەرهەمی باش دەدات، کە ئەمەش زۆرتر دەگەڕێتەوە ئەو هاوکاریە پتەوەی لەنێوان مالی قوتابیو قوتابخانەکەیدا هەیەو پەیوەندی بەردەوامو توندوتۆڵی باوانو مامۆستایانی قوتابیان.

٣-قۆناغەکانی (٩) سالی خوێندنی بەرایی واتە سەرەتاییو ناوەندی کە بەزۆرە، لەڕووی دابینکردنی گشت پێداویستیەکانەوە هاوسەنگی بۆ راگیراوە، هەربۆیەش خەڵکی بە ئارەزوی خۆیانو بە تامەزرۆییەوە بەشداری لەو قۆناغەشدا دەکەن.

٤-سیستەمی فێرکردن لە ژاپۆن قوتابیان هان دەداتو فێریان دەکات چۆنو چ کاتێك بخوێننەوەو زەمینەی لەبار لەو بارەیەوە دەرەخسێنن، لەبواری دابینکردنی کاریش بۆ قوتابیان هاوکاری پێویست دەکەن.

سەرەڕای ئەم خالە بەهێزانە لێکۆڵەوەرە ئەمریکیەکان نوسیویانە ئێستاش چەند کەموکوڕیو خالی نێگەتیف لە سیستەمی خویندنی ژاپۆندا بەرچاو دەکەون کە ئەم چەند نمونەیەیە:-

١-زیاد لەپێویست وشكو قالب گرتوەو



پابەندە بەداب و نەریتەوە.
٢-کەمتر گرنگی دەدرێ بە سەربەستی قوتابیان و مافی هەڵبژاردن و بڕیاردانیان نیە، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە جیاوازی کەس (فروق الفردی) لەبەرچاو ناگیرێت.
٣-لە قۆناغی کۆتایی ئامادەییدا لە ئارەزوی قوتابی زیاتر گرنگی دەدرێ بەنمرەی قوتابی، بۆ وەرگرتنی لە کۆلیژێکی بالاتر. کەواتە چۆن دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی ژاپۆنی لەبواری گرنگی پێدان و گەشەکردن گەیشتونەتە لوتکە، دەبینین لەپێناو هێنانی نمرەی بەرزتر باوک و دایکی قوتابیان منداڵەکانیان دەنێرنە فێرگە تایبەتیەکانی (جۆکۆ).
(بڕوانامە ناسنامەی کۆمەلایەتیە)
هەموومان ئەو راستیە دەزانین کەدابەشبوونی نەتەوایەتی لە وڵاتی ژاپۆن بونی نیە و دابەشبوونی ناوچەییش بەهۆی گەشەی خێرای شارستانی پاشماوەی دەرەبەگایەتی روو لە نەمانە. هەروەك لەناوچونی زۆربەی کارگە بەرهەمهێنیەرەکان لە دووەم جەنگی جیهانیداو هاوکات ئەنجامدانی ریفۆرمی زەوی لەدوای جەنگ. بەو مانایە بوو کە دەبێت گەلی ژاپۆن لەنوێوە دەست پێبکاتەوە، کاتێ ئەو بیرۆکەیە هاتە کایەوە کە هەموو کەس وەکو یەکسان بوون، هەژارو دەوڵەمەند جیاوازیان نەبوو، بەهۆی شەڕەوە کەس خاوەنی هیچ نەمابوو. تەنانەت جیاوازی لە دابەشکردنی سەروەت و سامان و موچە زۆر کەم بوو، بۆیە خەڵکی ژاپۆن کەمتر ئاگاداری چینی سەرووخوارو بوون و تا ئەو ئەندازەیەی دەیانگوت ژاپۆن وڵاتێکی بێ چین و توێژی جیاجیایە و هەموو خەڵکیش خۆیان بە چینی مامناوەند دەزانی.
ژاپۆن بە حەشیمەتی پتر لە ١٢٠ ملیۆن کەس لەناویدا جیاوازی نەتەوایەتی و زمان نیە، هەموو گەلی ژاپۆن یەك گەل و نەتەوەیە و یەك زمانی قسەکردنیشیان هەیە، بەهەندێ جیاوازی زۆر کەم لەنێوان ناوچەکانداو بونی چینی بەرزتریش تەنها لەروی زانستی و فەرهەنگیەوە، کەواتە سەرکەوتن لە چینێکەوە بۆ چینێکی دی لە وڵاتی ژاپۆن زۆر ئاسانە.
لێرەدا دەردەکەوێ بەدەستهێنانی ناسنامەی کۆمەلایەتی پەسند کراو بۆ هەر کەسێك تەنها لەڕووی خوێندن و بڕوانامەوە بەهیچ هۆیەکی دیکەوە بەدەست نایەت.
سەرچاوە
پەیامی یونسکۆ

# ڕێنمایی جوانکاری بۆ خانمان



## ڕێگرتن لە قلیشانی پێست

لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما، پێستی لەش بەتایبەتی دەست و دەموچاو وشك دەبێتەوە، ئەو هۆکارانە کاتێك روو دەدەن، ئەو ئاوەی لەدەستچوی پێست، بەهۆی بە هەڵمبوونی زیادی کردووە و بۆتە هۆی وشکی گۆڕانی پێست، بۆ ڕێگرتن لە قلیشانی پێست، دەبێ ئەو خاڵانەی خوارەوە رەچاو بکرێت:-

★ بە نەرم راگرتنی پێست لە قلیشانی ڕێگری بکەی و لە تەڕکردنی چەند جارەی و وشك کردنەوەی زووی پارێز بکەی چونکە دەبێتە هۆی قلیشان.

★ پێست کەمتر بە ئاوو سابوون بشۆی، چونکە چەوری سروشتی لە ناو دەبات.

★ بۆ خاوێن کردنەوەی پێست ئاوی شلەوتێن نەك ئاوی گەرم بەکاربهێنە .

★ دوای شوشتن، پێست تەواو وشك بکەرەوە دەست بەجێ کرێمی نەرم کەرەوەی لێ بدە، چونکە کەمتر تەڕی لەدەست دەدات، ئەگەر پێویست بوو دووبارەی بکەرەوە.

★ ئەگەر لێوەکان وشکن یان وشك دەبنەوە، بە کرێمی تایبەتی نەرم کەرەوە چەوریان بکە.

★ لێوەکانت تەڕ مەکە (مەیان لێسەوە).

★ لەگەڵ خۆت کرێمی نەرمکەرەوەی دەست و دەم و چاو هەڵبگرە و لەکاتی پێویست بەکاری بهێنە.

# ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکی ئابوری جیهانییە

**لەعەرەبیەوە: مۆفەق میراودەلی**

پێشەکی : ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوزارشت لە هێزێکی جیهانی دەکات، کە بەسەر زۆربەی کایەکاندا زاڵە، ئەو هێزەی ئەمریکا بەچی جیا دەکرێتەوە؟. ئەو بنچینانە چین ئەو هێزەیان لەسەر بنیادنراوە؟

١- هێزی ئەمریکا پشت بەچەند بنەمایەك دەبەستێ:-

أ- دراوی ئەمریکی(دۆلار)لەنیوەی مامەڵەو ئاڵو گۆڕەکانی جیهاندا بەکاردەهێنرێت، هەروەکو یەك لەسەر سێ‌ی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان ئەمریکین، هەروەها بنکە سەربازیەکانی لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا هەن، وێڕای زاڵیەتی لەبواری زانیاریدا، لە(٦١٪)بەرهەمی جیهانیو(٤٩,٦) ئەو کاڵاو شتومەکەی بەکاردەهێنرێت بەرهەم هێنراوی ئەمریکایە.

ب-ژمارەی دانیشتوانی لەسەرووی(٢٨٢)ملیۆن کەسە، لەلایەك بازاڕی بەکاربردنی شتومەکە، لەلایەکی دیکەوە دەستەیەکی چالاكو گرنگەو لەکەرتە ئابوورییەکاندا راست بۆتەوە.

ج- رووبەرێکی گەورەو فراوانی دەشتی کشتوکاڵی هەیە، ئاوهەواکەی جۆراوجۆرو شێدارەو بەرووبوومی کشتوکاڵی هەمەجۆرو زۆری هەیە، ئەمەش بەهۆی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی زانستیەوە.

د-ئابووری ئەمریکا ئیعتماد لەسەر سیستەمی سەرمایەداری (ئاسۆیی، ستوونی، هۆڵدینغ)دەکات.

٢-ئابووری گرنگترین رواڵەتی هێزی ئەمریکا دەنوێنێت:-

أ- جوتیاری ئەمریکی گوزارشت لە یەکەم جوتیاری جیهان دەکاتو تواناکەی لە زیادبووندایە بەهۆی (ئەگرۆ بیزنیس)، بەرووبوومی جوتیارانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆراوجۆرن، لەجیهاندا پلەی یەکەمی لەبەرهەمهێنانی گەنمەشامیو سۆیا(جۆرێکە لەپاقلە)هەیە، پلەی دووەمی لە بەرهەمهێنانی(لۆکە)دا هەیە، پلەی چوارەمی لەبەرهەمهێنانی (گەنم)دا هەیە، وەکو سایلۆیەکی جیهانییە لەدانەوێڵەدا، یەکەم سەرچاوەشە بۆ کۆمەڵێ بەرووبووم لەوانە(برنج ٥٣٪ بەرهەمی بۆ دەرەوە دەڕوات، لۆکە٤٨٪، گەنم٤٤٪)، ئەو ناوچانەی کشتوکاڵیان تیادا دەکرێت جیاوازن بە گوێرەی جیاوازی ئاوهەوا، بەو پێیە چاندنی گەنم لە دەشتە بەرزەکانە، بەڵام گەنمەشامیو پاقلە لە دەشتەکانی ناوەند دەچینرێت، بەڵام ناوچەکانی باشوور تایبەتە بە کشتوکاڵی شێوە خولگەیی، بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ تیایدایەو زیاتر لە(٢٣٪)بەرهەمی گۆشتی جیهانی پێك دێنێت، لە سەرووی(١٥٪) بەرهەمی شیری جیهانی هەیە، بەخێوکردنی مانگا



تارادەیەك لە ناوچەکانی رۆژئاوایە لەکاتێکدا بەخێوکردنی مانگای شیر لە رۆژهەڵاتو باکووری رۆژهەڵاتە.

ب-هێشتا ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی جیهان گرتووە بەتایبەت لە پیشەسازی تەکنەلۆی، ئەمەش بۆ ئەو (سەرمایە گەورەیەی وەبەرهێنرێت، زۆری لێکۆڵینەوەکان، داهێنانەکان)دەگەڕێتەوە، لەنێوان ئەوجۆرانەشدا پیشەسازی ئەلیکترۆنیو پیشەسازی کەشتی ئاسمانیو فرۆکەو پیشەسازی ئەلیکترۆنی ورد تیایدا دەرکەوت، ئەو دامو دەزگایانەی لەو بوارانەدا بەناوبانگنو دەرکەوتوون ئەمانەن (ناساN.A.S.A)(کەشتی ئاسمانی)(بیۆنغ Boeing)(پیشەسازی فرۆکە)و(ئای بی ئێم M.I.B)(پیشەسازی ئەلیکترۆنی)

ج-(هۆلیۆد)گوزارشت لە بەناوبانگترین ناوەندەکانی سینەمای جیهانی دەکات، رۆشنبیریەتی ئەمریکا(لە مۆسیقاو بواری بیستەنیو بنینیو جلو بەرگ دا) سەیتەرەی لەسەر ئەفکارو نەریتی زۆربەی لاوانی دنیا هەیەو بەڵکو زیاتر لەوەش (ماکدۆنالدز)نیشانیەکی ئەمریکی بلاّوبووەیە لەهەموو ناوچەکانی دنیادا.

٣- ژماریەك هۆکار هەیە کە ئابووری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بەهێزکردووە:-

أ-هۆکارەکانی بەهێزی کەرتی کشتوکاڵو پیشەسازی:- بایەخی جوتیاری ئەمریکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سوود لە هەلو مەرجی سروشتی گونجاو وەردەگرێت (دەشتی فراوان- خاکی بەپیت- دابارینی تەواو)هەروەکو جوتیارەکە سوودمەندە لە تێکەڵ بوونی لەگەڵ کەرتە ئابوورییەکانی دی، بەوپێیەی بەیەکەوە کەرتێکی ئابووری تێکەڵ پێدێننو پێی دەگووترێت(ئەگرۆ ببیزنس) وە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەمو لێکۆڵینەوەی زانستیو بوونی سەرمایەگوزاری دارایی گەورە.

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکە هێزی پیشەسازی جیهانیە سەرەڕای بوونی سامانی سروشتی گەورەی کانزا یاخود ووزە، سەرەڕای ماڵو داراییەکی گەورە، لەکاتێکدا پیشەسازی سوود لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی وورد وەردەگرێت،کە ناوچەی(سیلیکۆن)یەکەم ناوەندە.

ب- چالاکی بازرگانیو بواری رێکخستن: چالاکی بازرگانی سوود لە زۆری ئامرازەکانی گەیاندن وەردەگرێت، بەجۆرێ ئەمریکا تۆڕێکی گرنگی گواستنەوەی وشکانی هەیە،( ٤٢٠ هەزار کیلۆمەتر هێڵی شەمەندەفەرو شەش ملیۆن کیلۆمەتر رێگەی وشکانی هەیە سەرەرای(٨٠)هەزار کیلۆمەتر رێگەی ئۆتۆمبێل)هەروەها فرۆکەخانەی گەورەو

سەردەمیو (٨٥٠)هەزار کیلۆمەتر هێڵی بۆری هەیە هەروەها هێڵی تەلەفۆنو ئەنتەرنێتیشی هەیە.

سیستەمی سەرمایەداری هۆکارێکی بنەرەتییە لە هۆکارەکانی لێکدانەوە بەهێزی ئابووری ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەش پشت بە دوو بنچینە دەبەستێت، وەك بنەمای سەرمایەداری گشتی کە(گیانی دەست پێشخەری تاك، خاوەندارێتی تایبەت، کێبڕکێی ئازاد)لە خۆدەگرێت.

٤- ئابووری ئەمریکا بەدەست کۆمەڵێ گیروگرفتەوە دەناڵێنێت:-

أ-گیروگرفتە سروشتیو ژینگەییەکان: زۆرێك لەناوچەکانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست خراپی هەلو مەرجی ژینگەوە دەناڵێنن، کارەساتی یەك لەدوا یەك روودەدات، بەجۆرێ باشووری رۆژهەلآت بە بەردەوامی باوو بارانی بەهێزی هەیەو تێچوونو زەرەدی ماددیو مرۆیی گەورەی هەیە، هەروەکو رۆژئاوا بومەلەرزەی بەهێزی هەیە بەوپێیەی بە گۆڕەپانی رۆژئاوادا تێپەڕ دەبێت.

سەرەڕای بەفیڕۆدانێکی ناهۆشیارانە لە ئیستغلال کردنی خێرو بێری دەرامەتە سروشتییەکان، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەدەست ژمارەیەك کارەساتی ژینگەوە دەناڵێنن، کە بریتین لە(پیس بوونی ئاوی رووبارەکان، بەرزبوونەوەی بارانی ترش وێڕای لاوازی زەویو روتانەوەی).

ب-گیروگرفتە ئابووریو کۆمەلآیەتییەکان: ئابووری ئەمریکا بەدەست زۆر گیروگرفتی ئابووریەوە دەناڵنێت، بەجۆرێ لەو سالآنەی دوایدا تووشی کێبڕکێیەکی بەهێزبوو لە لایەن یابانو یەکێتی ئەوروپاوە، دوا کەوت لە ئاست بەرهەمەکانی ولآتی چین، هەروەك زۆرێ لە بەروبوومە کشتوکاڵیو پیشەسازییەکانی ئەمریکا دووچاری زیادیەکی زۆری بەرهەمهێنان هاتن بەشێوەیەك رەنگدانەوەی لەسەر هاوسەنگی بازرگانی هەبوو کە دووچاری کورتهێنانێکی گەورە بوو بەهۆی ناهاوسەنگی لەنێوان بەهای ناردەنیو بەهای هاوردە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بەهای دۆلار جێهێشت، هەروەها تەنگژەی ئابووری کاریگەربوو لەسەر کۆمەڵگای ئەمریکی کە بووە هۆی ئەوەی بەدەست بێ کاریو بلآوبونەوەی هەژاری بناڵێننو بێ بەش بن لە داپۆشینی دەردە تەندروستیو کۆمەلآیەتیەکان.

سەرچاوە:- www.google.com

# کار دابەشکردن لەماڵدا

## ئەو پیاوانەی چێشت لێدەنێنو ئەو ژنانەی بۆنی گۆرەوی دابەشدەکەن

دیە قادر

ژن ئەو کاتەی بە سالاری دەژیا، هیچ کاتێك هێزو دەسەڵاتی خۆی بۆ چەوسانەوەی پیاو بەکار نەهێناوە، کەچی زۆرێك لەئێمەی خوێندەوار لەوە تێنەگەیشتون کە سالاری ژن، لە پیرۆزیەکەیدا بووە، نەك دەستو قامو ماسولکەی رەقو لاشەی پتەوی، ئەو کاتەی ژن حوکمی ماڵی دەگێڕا، هیچ پیاوێکی لەسەر قسەیەکی پوت لاقە نەکرد، نەهات بەزۆر کچی خەڵك بەسەر کوڕەکەیدا ببڕێتو پیاوی ئەمو ئەو بۆخۆی داگیر بکات، ئەو کاتەی ژن لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا بوو، گۆرەوی بە مێردەکەی نەدەشوشتو چێشتی پێ لێنەدەناو بەبیانوی شەرەفو ناموسەوە نەیدەکوشت، ژن بەمیهرەبانی تەواوە بە دڵێکی وەك ئێستاش نەرمو پڕ میهر، حوکمی خۆیو پیاوانی دەکردو نەیدەهێشت، کەس تاوان لە کەس بکات، کەچی کەوچك بەدەستانی کولتور، ئەوانەی هەمیشە حوکمڕانێتی بە شایانی شەئنی خۆیان دەزانن، نەیانهێشت ئەو قۆناغە جوانەی ژیان درێژە بکێشێو لەجیاتی بسکی نەرم، سمێڵی زبریان هێناو کردیانە دەسەڵاتدار، ئەو کاتەی ژن دەسەڵاتی دەڕانی هیچ ژنێكو پیاوێك نەکوژران، تەنیا ئەوانە نەبێت کە پیاوان بەدزی حوکمی دادگەرانەی ژن، دەیانکوشتن، بەڵام کاتێك پیاو هات پیاوی کوشتو ژنی کوشتو منداڵی کوشتو پیری کوشتو گەنجی کوشتو هەریەکەی ناوێکی بۆ دۆزینەوە، پاساوی هێنایەوە بۆ لێدانو زەبروزەنگ، بەڵگەی دروستکرد بۆ فیتنەو ئاژاوەکانی، براکەی خۆی دەرپەڕاندو خۆی لەشوێنی دانیشت، پیاو هات دەسەڵاتی ژنی بەکۆتا هێناو نەشیهێشت جارێکی تر هەر بیری لێبکاتەوە، دەسەڵات لە دەستی پیاودا دەستاو دەستی پێکراو هەموو دونیا بوە مەلەکیەت، چونکە باوك رۆیشتو کوڕ هاتو کوڕ رۆیشتو نەوە هاتو ئەو رۆیشتو ئەوی تر هات، ئەحمەد مردو مەحمود هاتە شوێنی، ئە بەو شێوەیەوە تا ئێستاش، حوکم حوکمی پیاوەو لە سایەیدا نەژنو نەپیاو پشوێك نادەنو هەر خەریکی قولکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان رەگەزەکانن، رۆژێك پیاوێکی لەمەڕ خۆمان گاڵتەی بە کۆندۆلیزا رایس کردبوو، گووتبووی دوای وتارەکەی دەبێت بڕواتەوە گۆرەوی بۆ مێردەکەی بشوات، ئەگەر راست دەکات، با بەبێ پرسی مێردەکەی لەگەڵ ئەردۆگان دابنیشێت، خۆ ئەو ژنە بێ ساحەب نیە. ئەمە فەهمی نمونەی پیاوی لای ئێمەیە لەسەر قابیلیەتی ژن بۆ دەسەلآت، بۆیە پێدەچێت پیاوێکی لەو جۆرە بوبێت، بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی لە ژن وەرگرتبێتەوەو خۆی لە شوێنەکەی دانیشتبێتو تەشریفی خۆی کردبێتە دەمڕاستی مرۆڤایەتی، بە هەر حاڵەت، دابەشکردنی کار بۆ یەکەم جار لەسەردەمی ژن سالاریدا بوەو ژن زۆر دادگەرانە کارەکانی جیا کردۆتەوە، نەهاتوە منداڵ بەپیاو بەخێو بکاتو کاری ناو ماڵو دەرەوەی پێبکات، بەڵکو بەگوێرەی سروشتو گونجاوی هەریەکەیان کارەکانی جیا کردۆتەوە، بەڵام پیاو کە هاتە سەر کورسی حوکم، کەمترین رێژەی کاری بۆخۆی داناو زۆرترینی خستە ئەستۆی ژن، بێئەوەی هیچ پاساوێکی ئایینی، زانستی، بایەلۆژی بەدەستەوە بووبێ، هیچ دەقێکی ئایین نیە باس لەوە بکات، دەبێت پیاو پاڵ بداتەوەو فەرمان دەربکات، هیچ زانستێك پشتگیری ئەوە ناکات، ماڵ رێکخستنو گسکدانو قاپ شوشتنو دەوامو حەمام داخستنو نوێن راخستنو ئاوهێنانو چا لێنان، لە ژن مارە کراونو پیاو لەو بارانەوە بێ پەیوەندی بێت، ئەوە تەنیا کولتورە، ئەوەی زاڵ کردووەو تێکستی شانۆی کلتوریش لەلایەن پیاوەوە نوسراوە، ئەو کاتەی پیاویش بنوسێت، تەنیا لەبەرژەوەندی خۆی دەنوسێت، بۆیە بە دێڕە شیعرێك دەکرێت پێناسەی ئەو دابەشکردنە بکەین کە دەڵێت:


شیرین بۆ خەسرەو تەشوێ بۆ فەرهاد
بەشکردن وایە هەی دادو بێداد

### زنار لەبەسەرکردنەوەی بەشی وەرزشی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیەدا

# گەورەترین کێشەمان نەبوونی یاریگاو هۆڵی داخراوە

ئا: عەبدولڕەحمان ئەحمەد

بەشی وەرزش لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە یەکێکە لەو ناوەندە وەرزشیانەی کە نزیکەی (١٠) ساڵە لە ناوچەکەدا خزمەتێکی بەرچاوی بەو بوارە گرنگەی پەروەردە کردووەو لەم نێوەندەدا چەندین مامۆستای تایبەتی بواری وەرزشی بەرهەمهێناوەو لەناو فێرگەو قوتابخانەکاندا خزمەت بە منداڵان و نەوەی نوێ دەکەن، لێرەدا سەرەڕای بوونی چەندین گرفتو کێشە بەڵام توانیویەتی لەسەر چەند بنەمایەکی زانستی سەرەڕای کەمی مامۆستای تایبەتو پسپۆرو چەند گرفتێکی دی لە ئامادەکردن و دەرچواندنی توێژێکی مامۆستایانی تایبەت بەوەرزش کە توێژێکی زۆر گرنگی پەروەردەو فێرکردنن بەردەوام بێت، بۆ زیاتر ناساندنی بەشی وەرزش لە پەیمانگای مامۆستایانی ڕانیەو لە بەسەرکردنەوەیەکدا (زنار) لە نزیکەوە ڕیپۆرتاژێکی سەبارەت بەم بەشە ئامادەکردو لە چۆنیەتی بەڕێوەچوون و کێشەو گرفتەکانیان لە هەندی بواردا پرسیارمان کرد بۆ ئەم مەبەستەش چەند کەسێکمان دواندو سەرەتا ڕوومان لە مامۆستا ( محەمەد مەولود) سەرۆکی بەشی وەرزش کردو بەم شێوەیە بۆمان دوا « بەشی وەرزش لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە لە ساڵی خوێندنی( ١٩٩٩/١٩٩٨)دا کراوەتەوەو سێ مامۆستای پسپۆر لەم بەشەدا وانەکان دەڵێنەوە کە دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشین، لەو ساڵەوە تا ئێستا ساڵانە ( ٤٠ - ٦٠) خوێندکار وەردەگرین و تائێستا (١٧٢) خوێنکار لەم بەشەدا دەرچوون و بوونەتە مامۆستاو لێرەدا لەسەر بنەما زانستیەکانی وەرزشدا خوێنکاران وانەکان دەخوێنن و دەردەچن».



مامۆستا (محەمەد مەولود) سەرۆک بەش


سەبارەت بەوەی کە ئایا خوێندکاران بە چ پێوەرێك وەردەگیرێن (مامۆستا محەمەد) گووتی « ئێمە هەڵسەنگاندنی پراکتیکی دەکەینە پێوەری وەرگرتنی خوێنکاران و پێویستە خوێنکار لە تاقیکردنەوە پراکتیکیو جەستەیەکاندا دەربچێتو پێشتر وەرزشکار بووبێتو یاری کردبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت خوێندکارەکە بە حەزی خۆی ئەم بەشە هەڵبژێرێت نەك وەکو جاران کە دەگووترا لەبەر ئەوەی ئەم بەشە ئاسانەو لەبەشەکانی دیکە ڕابکات». لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا تا چەند لەم بەشەدا گرنگی بە بواری دەروونزانی منداڵان دەدەن مامۆستا محەمەد دەڵێت « جگە لە وانەکانی پسپۆری وەرزشی ئێمە زۆر گرنگی بە وانەکانی دەروونزانی پەروەردەییو دەروونزانی منداڵان دەدەین و دەخوێندرێت چونکە زۆر پێویستە مامۆستای وەرزش شارەزایی لە دەروونزانی منداڵاندا هەبێت کە دەتوانرێت لە ڕێی یاریە وەرزشیەکانەوە چارەسەری لە گرفتەکانی منداڵان بکرێت، ئاستی ڕۆشنبیری وەرزشی خوێندکارەکان تارادەیەك باشە هەربۆیە زۆر پێویستە کە گرنگی بە یاریەکانی منداڵان دەدەین لەبەرئەوەی کاتی ڕاستەوخۆی دوای ئەوەی دەبن بە مامۆستا زیاتر لەگەڵ منداڵاندایە». هەروەها سەبارەت بە جۆری یاریەکان و شێوازی وانە گووتنەوە کە لە بەشی وەرزشدا دەخوێندرێت گووتی « سیستمی خوێندن لێرەدا هەردوو شێوازی ( تیۆری و پراکتیکی)یەو ئەو یاریانەی کە دەخوێندرێن بریتین لە یاریە بەکۆمەڵەکان (یاریە تیپیەکان)ی وەکو (تۆپی پێو تۆپی دەستو باڵەو باسکە)و هەروەها یاریە تاکەکانی وەکو ( جومبازو گۆڕەپان و مەیدان و تۆپی سەرمێز)و لەگەڵ ئەمانەشدا لایەنێکی گرنگی دیکە کەلەم بەشەدا دەخوێندرێت ئەویش بواری



مامۆستا میدیا ڕەسوڵ حەمە

ناوبژیوانیە کە لەدوو ساڵی خوێندنی پەیمانگادا ساڵێکی تەواو بۆ بواری ناوبژیوانی تەرخان کراوە». مامۆستا (محەمەد مەولود) لە پرسیاری کێشەو گرفتەکانی ئەم بەشەدا دەڵێت « کێشەی سەرەکیمان نەبوونی هۆڵی داخراوە لەناو پەیمانگادا کە ئەمەش کاریگەری لەسەر وانەکانمان هەیە بەتایبەتی لە وەرزی سەرماو باران بارین‌و گەرمادا هەروەها کەرەسەی وانەی جومباز زۆر زەحمەت دەست دەکەوێت، لەگەڵ ئەمانەشدا یاریگای باش‌و گەرماوو شوێنی خۆگۆڕینمان نیە بۆیە زۆر پێویستیمان به هۆڵێکی داخراوو یاریگایەکی گەورە لەناو پەیمانگادا هەیە کە بەشێکی زۆری کێشەی بەشی وەرزش چارەسەر دەکات».

مامۆستا (میدیا ڕەسوڵ حەمە) مامۆستای تایبەت لەم بەشەدا کە دەرچووی کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی سلێمانیە لە پرسیاری هەڵسەنگاندنی ئەم بەشەدا گووتی « دەتوانم بەشی وەرزش بە باشی بناسێنم هەرچەندە کەم‌و کوڕیمان هەیە بەڵام تاڕادەیەك توانیومانە چارەسەری زۆرێك لە گرفتەکان بکەین‌و لەهەوڵدایین، بەگشتی من لەم بەشە ڕازیم‌و مامەڵەی خوێندکارەکان زۆر باشەو بە ڕێنمایەکانەوە پەیوەستن‌و شێوازێکی گونجاویان هەیە بۆ فێربوون». سەبارەت بەکەمی ڕێژەی خوێنکاری کچ لەم بەشەدا مامۆستا (میدیا)دەڵێت « هۆی کەمی یاخود نەبوونی خوێندکاری کچ لە بەشی وەرزشدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا کە تا ئەمڕۆش بەچاوێکی کەم سەیری وەرزش دەکەن بە تایبەتی لە هەردوو دەڤەری بیتوێن‌و پشدەر هەروەها کەمتەرخەمی خودی خوێندکارە کچەکانیشە، ئێمە لەو کۆمەڵگایەدا هەست بە دابڕانێکی وەرزشی دەکەین بۆیە پێویستە هەموومان لە هەوڵی چارەسەری ئەم دابڕانەدا بین»، مامۆستا میدیاش کێشەی سەرەکی بەشەکەیان لە نەبوونی پێداویستیە وەرزشیەکان‌و یایگای باشدا دەبینێتەوە هەر بۆیە دابینکردنی پێداویستیەکان‌و کردنەوەی یاریگای مۆدێرن بە چارەسەر دەزانێت.



مامۆستا ئومێد محەمەد پیرۆت

مامۆستا ( ئومێد محەمەد پیرۆت) مامۆستایەکی دیکەی ئەم بەشەیە کە سەرقاڵی بەڕێوەبردنی خولێکی تۆپی پێی بەشەکان بوو ئەویش بەم شێوەیە بۆمان دوا « ئێمە ساڵانە بە پێی پلانێك بەرنامەمان هەیە بۆ چالاکیەکانمان‌و خولی جۆراوجۆر دەکەینەوە بۆ یاریەکانی (تۆپی پێ‌و بالەو تۆپی سەرمێز)و ئێستا سەرقاڵی دوو خولی تۆپی پێ‌و تۆپی سەرمێزین لەناو پەیمانگاداو ساڵانە بەشداری خولی پەیمانگاکانی کوردستان دەکەین، لێرەدا جگە لە گرنگیدان بە بواری پراکتیکی یاریە وەرزشیەکان لایەنی پەروەردەیی‌و ڕۆشنبیری وەرزشیش فەرامۆش ناکەین بەڵام کێشەی یاریگامان هەیە چونکە تەنها یەك یاریگامان هەیە بۆ یاریکردن‌و ڕاهێنانی هەموو یاریەکان». بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی بابەتەکەمان چەند خوێندکارێکی قۆناغی دووەمی بەشی وەرزشمان دواندو سەرەتا ( عەلی مستەفا) کە پێی گووتین « من بە حەزی خۆم بۆ ئەو بەشە هاتووم چونکە پێشتر یاریم کردووەو لێرەدا زۆر ئاسودەم، زۆر سوپاسی مامۆستاکان دەکەم کە زۆر باشن‌و بەردەوام خۆیان لەگەڵماندا ماندوو دەکەن بەڵام بەداخەوە لە هەموو ڕوویەکەوە ئەم بەشە زانستی نیە چونکە یاریگاکەمان شیاو نیە بۆ ئەو یاریانەی دەیانخوێنین».

دواتر (نزار قادر) کە ئەویش خوێندکاری قۆناغی دووەمە بەم شێوەیە قسەی بۆ کردین « لەبەرئەوەی خۆم یاریزانی یانەی چۆمانم بۆیە زۆر حەزم لەو بوارەیە، لێرەدا بەحەزێکی زیاترەوە یاری دەکەین چونکە ئەو بوارەیە کە مەبەستمە، بەشەکەمان تاڕادەیەك باشە بەڵام کۆمەڵێك کێشەمان هەیەو خۆزگە یاریگاکەمان بۆ تارتان دەکرا هەروەها نەبوونی یاریگا بۆتە هۆی ئەوەی کە هەموو یاریەکان لە یەك یاریگادا ئەنجامبدەین کە ئەمەش لە ڕاستیدا هەڵەیە چونکە یاریگای یاریەکان لە ڕووبەردا جیاوازن‌و وکو یەك نین»

(کەریم ئەحمەد)یش کە خوێندکاری هەمان قۆناغ بوو گووتی « منیش زۆر بەحەزی خۆم بۆ ئەم بەشە هاتووم چونکە هەر لە منداڵیەوە خولیای یاریکردن‌و وەرزشم هەبوو، یاریشم بۆ تیپەکانی (ڕزگاری‌و ژیار) کردووە لە ڕانیە، کەموکوڕی‌و کێشەمان هەیە هەر لە نەبوونی جل‌و بەرگ‌و پێداویستیەوەو نەبوونی یاریگای شیاو بەڵام دەتوانم بڵێم کە ٩٠٪ لێرەدا لەسەر بنەمای زانستی فێر



خوێندکار ( حەمە غەریب )



خوێندکار ( کەریم ئەحمەد )



خوێندکار ( عەلی مستەفا )



خوێندکار ( نزار قادر )

دەبین بەوەی کە ئەو زانیاریانەی کە ماموستاکان پێیان داوین هەمان ئەو زانیاریانەن کە لە کۆلیژی پەروەردە وەرزشیەکان دەخوێندرێت». لە کۆتایشدا یاریزانی پێشووی تیپەکانی ڕانیەو هەڵبژاردەو یانەی ڕانیە (حەمە غەریب) کە ئێستا خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی وەرزشە بەم شێوەیە بۆمان دوا «ئەم بەشە یەکێکە لە بەشە چالاک و بەردەوامەکان کە لەسەر دەستی تەنها سێ ماموستای پسپۆڕ بە هەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی ڕۆژانە لەسەرجەم یاریەکاندا وانەکان دەخوێندرێت و سەرپەرشتی دەکرێت و تارادەیەکی زۆر باش لە ماموستاکان ڕازین چونکە زانیاری تەواویان پێ یە لەسەر یاریەکان، ئەم بەشە وەك ناوەندێکی وەرزشی تەواو ئەکادیمیە ئەوەی کە تەنها جیای دەکاتەوە لە کۆلیژی پەروەردەی وەرزشی ماوەی خوێندنەکەیە کە لە کۆلێژدا چوار ساڵەو لای ئێمە بە شێوەیەکی خێراتر دەخوێندرێت چونکە دوو ساڵە، بۆ ئەمڕۆ ئەم سێ ماموستایە سەرکەوتوون بەڵام لە داهاتوودا پێویستی بە ماموستای زیاتر دەبێت چونکە ڕێژەی خوێندکارانی بەشی وەرزش ڕوو لە زیاد بونە، پێویستیمان بە هۆڵێکی داخراو هەیە بە تایبەتی بۆ وەرزی زستان چونکە زۆرینەی کاتەکانی خوێندن لەو وەرزەدایە کە کەش و هەوا ساردە».


ئێمەش لێرەدا داواکارین لەسەرجەم لایەنەکانی پەروەردەو فێرکردن بە وەزارەتی پەروەردەشەوە کە زۆر بە جدی لە هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانی ئەو ناوەندە وەرزشیەی دەڤەرەکەماندا بن کە زیاتر کێشەی یاریگاو هۆڵی داخراوی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر خزمەت بە بواری وەرزش بکات و زیاتر ئەوەی وەرزشی ئەکادیمی بەرهەم بهێنێت و ئاسۆی وڵاتەکەمان ڕۆشنتر و ڕوونتر بکەنەوە .......





**تیپی تۆپی پێی بەشی وەرزشی پەیمانگای ماموستایانی ڕانیە**


# لە جیهانی کاریکاتێرەوە










# ئەنیستۆن حەز دەكات ببێتە ئۆپرا



جینێفەر ئینستۆن خاوەنی زۆر خەسڵەتە وەكو" جوانی، ناوبانگ، دەوڵەمەندی" بەڵام سەرەڕای ئەوەش حەزدەكات لەجێگای بێژەری بەناوبانگو لەهەمان كاتدا هاوڕێشی " ئۆپرا وینفری" بوایە ئەگەر بۆ رۆژێكیش بێت. ئەو دانپیانانەی جنێفەر لە دیدارێكی لەگەڵ گۆڤاری هاربرز دا هاتووە، هەروەها جنێفەر حەزی دەكرد وەك جیمس بۆند سیخوڕێكی بەناوبانگ بوایەو لە مۆناكۆ ژیانی بەسەر بردبا.

# لەیلا لە پڕوپاگەندە بێزارە

خانمە ئەكتەری شۆخی میسری لەیلا عەلەوی بێزاریو توورەیی خۆی دەربڕی لەبەرامبەر ئەو پروپاگەندانە دەربڕی كەرۆژنامەكان لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو بلاویدەكەنەوە تا كار بەوە گەیشت دوای مێردكردنی بە بزنسمانی میسری مەنسوور جەمال باس لەبڕی مارەییەكەشی بكەن. لەیلا ئەوەی رەتكردەوە كە باس لەژیانی تایبەتی خۆی بكاتو كەسیش ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ كە رۆژنامەكان لەبارەی مارەییەكەیەوە نوسیویانە.



# باندێكی ئەمریكایی كرۆو واشنتۆن لێك نزیك دەكاتەوە



(باندێكی ئەمریكایی) ناونیشانی ئەو فلیمەیە كە هەردوو ئەكتەری پێك ناكۆك راس كرۆو دینزڵ واشینتۆنی لێك نزیك كردەوەو بەیەكتری گەیاندن. هەرچەندە راسل كرۆ رایگەیاند كە هیچ ناكۆكیەك لەنێوان ئەوو واشنتۆندا نیە بەڵكو بە پێچەوانەوە هیچ جۆرە ناكۆكیو گرفتێكمان لەبەیندانیە. راسل كرۆ كە بە توڕەییو هەڵچوونی بەردەوامی ناسراوە لەكاتی وێنەگرتنی فلیمەكانیدا ئەزمونی خۆی لەگەڵ واشنتۆن بەو شێوەیە وەسف كرد" ئێمە وەك دووكەس واین كە بەیەكەوە گۆرانیەك دەڵێین یاخود گیتار دەژەنین".

# كیت بلانشێتو منداڵی سێیەم




ژنە ئەكتەری ئوستراڵیایی كیت بلانشێت رایگەیاند كە سكی هەیەو بۆجاری سێیەم چاوەڕوانی منداڵ دەكات، بلانشێتی تەمەن ٣٨ ساڵان لەكاتی ریكلام كردن بۆ فلیمە تازەكەی( ئەلیزابێت) بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند( بەڵێ چاوەڕوانی منداڵی سێیەمم لەمانگی شوباتدا) شایانی باسە بلانشێت خاوەنی خەلاتی ئۆسكارو خێزانی نووسەری شانۆیی بەناوبانگ ئەندرۆ ئابتۆنەو دوو منداڵی دیكەیان هەیە.

# كاتی هۆڵمز بەشداری ماراسۆنی نیویۆركی كرد

ئەستێرە گەنجەكەی هۆلیۆد كاتی هۆڵمز لەگەڵ هەزاران یاریزانو بەشداری لە ماراسۆنی نیۆیۆرك دا كردو ماوەی ماراسۆنەكەی بە پێنج كاتژمێرو نیو تەواوكرد، شیاوی باسە مێردی كاتی ئەكتەری بەناوبانگ تۆم كرۆزو كچەكەیان بۆ هاندانی كاتی لە ماراسۆنەكە ئامادەبوونو لە هێڵی كۆتایی لە چاوەڕوانیدا بوون. ئەوەی جێگای سەرنجە كاتی بەناوێكی خوازراو بەشداری كرد بۆ ئەوەی نەبێتە جێگای سەرنجی ئامادەبووانو بەشداربووان هەروەكو رێكخەرانی ماراسۆنەكە دواتر رایانگەیاند.



# لەبەرئەوەی لەمانگەیانیداوە کوشتیان



کابرایەکی هیندی لە چینی هەژار لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیدا لەسەر دەستی دراوسێکەی دوای کوشتنی دەسوتێنرێ. کابرای دراوسێی لەچینی دەوڵەمەندەو تاکە گوناهی کابرای هیندی هەژاریش ئەوەبووە کە لە مانگای ئەو دراوسێیەیانی دابوو، شیاوی باسە ئەم ڕووداوە لە ویلایەتی مەدیا بڕادیش لەناوەڕاستی هیندستان ڕوویداوە. کابلاش کە کوڕی قوربانیەکەیە گووتی (بێویژدانانە تەنها بەهۆی ئەوەی باوکم لە ئاژەڵەکەی ئەوانی دابوو چەند کەسێك بەشمشێرەوە خۆیان بەماڵاندا کرد، هەرچەندە باوکم لەدەستیان ڕایکرد بەڵام کەوتنە دواییو دوای کوشتنی سوتاندیان. شایانی باسە کە ساڵانە بە دەیان ڕووداوی کوشتنو سوکایەتی پێکردن لە دژی هەژاران لە هیندستان ڕوودەداتو ئەو هەژارانە بە (دالیتس)ناسراون.

## ڕووداوێکی هاتووچۆ بوو بەهۆی دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری ناوخۆ



وەزیری ناوخۆی لیتوانیا(ڕیمۆنداس سوکێر)و مفەوەزی پۆلیس(فیتوتاس گریگارافسیۆس) بەهۆی ئەو ڕووداوەی بوە هۆی گیان لەدەستدانی سێ منداڵ دەستیان لەکار کێشایەوە.ئەو ڕووداوە لە شارۆچکەی (سکوداش) ڕوویداو بو بەهۆی گیان لەدەستدانی سێ منداڵی تەمەن دە ساڵان کە لە قوتابخانە دەگەڕانەوەو ئەفسەرێکی پۆلیس بە ئۆتۆمبێلەکەی لێیدانو دواتر ڕایکرد. هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی هەردوو ناوبراو شکست هێنانیان بوو لە ئەنجامدانی چاکسازی لە هێزەکانی پۆلیسی ئەو وڵاتەدا.

## هیندیەك لەبڕی کوشتنی دوو سەگ سەگێکی دیکە مارە دەکات

کابرایەکی هیندی سەگێکی بەرەڵای مارەکرد لەبڕی ئەو (گوناهە)ی پانزەساڵ لەمەوبەر بە کوشتنی دو سەگ ئەنجامیدابوو. ڕۆژنامەی(هیندستان تایمز) کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت ڕایگەیاند سیلفاکۆماری تەمەن(٢٣)ساڵان خەڵکی ناوچەی سیڤاجانجای ڕۆژهەڵاتی هیندستان سیلفی(سەگ)ی لەیەکێك لە پەرستگاکان مارەکردووە. شایانی باسە جادووگەری دێکەیان پێیڕاگەیاندبوو کە بۆ ڕزگاربوون لەو ئازارە جەستەییانەی بەهۆی کوشتنی ئەو دوو سەگەوە تووشی بووە پێویستە سلفی(سەگ) مارەبکات. ئەوەی مایەی سەرسوڕمان نیە لەهیند زەواجی نێوان ئاژەڵانو ئادەمیزادە بەتایبەتی لەناوچە دوورەدەستەکان.

## هونەرمەندێك بەهۆی گاڵتەکردنی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی سوید سزا دەدرێت



لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید دادگایەك یەکێك لە ئەکتەرە ژنە کۆمیدیەکانی ناچار کرد بڕێکی زۆر پارە بدات بەهۆی ئەوەی ئاوی بەسەر(فریدریك ڕینفلدت)سەرۆکی حکومەتی سویدیدا کردبوو لەکاتی یەکێك لەبەرنامە کۆمیدیەکانی تەلەفزیۆن. بیانووی دادگا ئەوەبوو کە دەبوایە (فیلینۆس) واقیعی ئەو تیرۆرە لەبەرچاوبگرێت کە دووجار تووشی سیاسەتمەدارانی سوید هاتووەو دەبوایە درك بەوە بکات کە ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم گاڵتەیەی بگۆڕابایە بۆ ڕاستی.شایانی گووتنە فریدریك ڕاینفلدت بەهۆی تەلەفۆنەوە شایەدی خۆیدا لە دادگاو گووتی (من ئەوە هەرگیز بەگاڵتە نازانمو غافلگیر کرام).

ئا: ژیاکۆ

# Anti-Porn v9.1.3.29 بۆ ڕێگرتن لەماڵپەڕە سێکسیەکان

ئەو بەرنامە تازەیە بۆ ڕێگرتن لەو ماڵپەڕە سێکسیانەی کە سەربەخۆ دەبنەوە لەکاتی گەڕانو کارکردن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دروستکراوە. هەروەها ئەو بەرنامە لە هەمان کاتدا ڕێگا لەو ریکلامە سێکسیانە دەگرێت کە لە هەندێك ماڵپەڕی ئاسایی دا دادەبەزێنرێنو لەو کاتەدا بێ ئەوەی پەیجەکە دابخاتەوە تەنها ئەو ریکلامانە دادەخات کە لەسەر ماڵپەڕەکەن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو لەو بوارەدا




## Spyware Doctor 5.1.0.271 بەهێزترین بەرنامەی زاڵبوون بەسەر فایلە سیخوڕیەکان

هەڵبەتە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت هەمیشە ڕووبەڕووی مەترسی فایلە سیخوڕیەکان دەبنەوە لەکاتی گەڕانیان بەناو ماڵپەڕەکاندا کە نازانین لەناو ئەو پەیجانەدا جۆرە فایلێك خۆیان مەڵاس دەدەنو چەند مەترسیدارن بۆ سەر کۆمپیوتەرەکانمان ئەمە سەرەڕای ئەو نامانەی لەڕێگای ئیمەیڵەوە بۆمان دێن. بۆ ئەم مەبەستەو بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکانمان لەو مەترسیە کۆمپانیای (**pctools**)ی زەبەلاح هەڵسا بە دروستکردنی بەرنامەیەك بۆ لەناوبردنی فایلە سیخوڕیەکان کە بەبەهێزترین بەرنامە دادەنرێت، ئەو بەرنامەیە کە بە( **Spyware Doctor**) ناسراوە ڕێگرە لەبەردەم هەموو ئەو پەیجانەی فایلی خراپوگوماناوان لەناودایەو لەکاتی گومانکردن لەو جۆراە فایلانە ئەوا ماڵپەڕە رادەگرێتو ڕێ لەفایلە مەترسیدارەکان لەوەی بێنە ناو ئامێرەکەتەوە.





## بەرنامەی Agnitum Outpost Firewall Pro 2008 بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکەت

بەرنامەیەکی گرنگو سووکە بۆ ئامێرەکانتانو هەڵدەستێ بەشاردنەوەی ئێل ئەی پیو هەڵدەستێ بە ئاشکراکردنی هەر جۆرە کردەیەکی سڕینەوە لەلایەن هاکەرەکانەوەو وەلامدانەوەیان بەناردنی وەڵامێکی هەڵخەڵەتێنەرانە بۆ هاکەرەکەو وایپێشاندەدا کە ئەو کەسەی هاکت کردووە بوونی نیەو هەر بۆردێکی ناو کۆمپیوتەرەکەت دادەخات. هەروەها ناهێڵێ فایلەکانی سیخوڕی یان کوکیزەکان کە هەڵدەستن بەدزینی زانیاریەکان لەناو ئامێرەکەتدا. ئەمە جگە لەوەی هەڵدەستێ بە پشکنینی بۆکسی ئیمەیڵەکەتو کرمو ڤایرۆسەکان حجز دەکاتو لە ماڵپەڕە نەشیاوو نا بەجێکانیش دەتپارێزێ.



# بەرنامەی Recover My Files 3.98 Build 5727 بۆ گەڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکان




زۆر جار لەکاتی فۆرماتکردن، یاخود پارتشنکردنەوەی کۆمپیوتەرەکانمان تووشی گرفتی لەناوچوون سڕینەوەی ئەو فاینە دەبین کە لەناو کۆمپیوتەرەکانمانداو لەیەکێك لە هاردەکان هەڵمانگرتوون، بەتایبەتی ئەگەر ئەو فایلانە گرنگ بن‌و کارمان پێین بێت. هەرچەندە چەند بەرنامەیەك هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو فایلانە بەڵام هیچیان تاکو ئێستا بەو راددەیە سەرکەوتنیان بەدەستنەهێناوەو ئەگەر توانیبێتیان فایلەکانیش بگەڕێننەوە بەڵام گرفتی کردنەوە یاخود دابەزاندنەوەیان هەبووە جارێکی دیکە. بەڵام ئەمجارەیان بەرنامەیەی تازەیان دروستکردووە بەناوی( **Recover My Files 3.98 Build 5727**) کە چاوەروان دەکرێت لە هەموو بەرنامەکانی دیکە سەرکەوتووتربێت‌و توانای گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەو فایلانەی هەبێت کە لەدوای فۆرمات دەسڕدرێنەوە. تەنانەت توانای گەڕاندنەوەی فایلەکانی سەر میمۆری ستیك‌و سی دی‌و دی ڤی دی هەیە. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی (www.bramjnet.com) بکەن.

## CyberLink PowerDirector v6.0.0.1604 بۆ دەرهێنای سینەمایی




ئەو بەرنامەیە لەگەڵ خۆیدا بەرەوە ئەمریکاو بەتایبەت هۆلیوۆد دەمانبات، بۆ جیهانی دەرهێنان کە جیهانێکی پڕ لە پیشەگەریە. ئەو بەرنامەیە توانایەکی لەرادەبەدەر بەهێزی هەیە لەبواری دەرهێنانی ڤیدیۆیی کە زۆر لەبەرنامەکانی پێش خۆی بەهێزتری هەیەو بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی وێنەگرتنی ڤیدیۆییان هەیە. هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە کاسێتی ئاهەنگی تابەتی یاخود ژن گواستنەوەیان هەیە دەتوانن سوودی لێوەربگرن‌و زۆر بەسانایی هەموو ئەو کاریگەریە دەنگی‌و رەنگیانەی بۆ زیادو کەم کەن کە خۆیان حەزی پێدەکەن ئەمە سەرەرای زیاکردنی نووسین بۆ سەر فلمەکە بەکورتی بەسوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی هۆلیوۆد کە بۆ سەر ئە بەرنامەیە زیادکراون دەتوانی رۆڵی دەرهێنەر ببینن.

## بەرنامەی Easy Video Downloader 1.3 بۆ دابەزاندنی ڤیدیۆیی




**Easy Video Downloader** بەرنامەیەکی بەخۆڕاییەو بەکارهێنانی زۆر ئاسانەو تایبەتە بە دابەزاندنی فایلی ماڵپەڕە ڤیدیۆیەکانی وەکو( **YouTube, Google**)و لەگەڵ توانای هەڵگرتن‌و گۆڕینی بۆ(**AVI**). شایانی باسە بەباشترین بەرنامە دادەنرێت لەو بوارەداو دەتوانرێت سوودی لێببینرێت بۆ نمایشکردنی فلیم لەسەر ئامێری(**iPod, PSP**) هەروەها لەگەڵ بەرنامەکانی( **Win 98/ME/NT4.0/2000/XP/2003/Vista**)دەگونجێ. لەو بەرنامەیەدا پێویستیت بە سکێبتەکانی گەڕان نابێت لە( **web browsers**)دا، بەڵکو زۆر بە ئاسانی دەتوانی بەرنامەکەت دابەزانێنیت‌و دەست بکەیت بە لێدان‌و نمایشکردنی ئەو پارچە ڤیدیۆییانەی مەبەستتە.

# کازیوەی خومار ....ئەو ڕۆمانەی تێکیشکاندم

**پەیوەندی عومەر**

کازیوەی خومار ناوی ئەو ڕۆمانە فارسیەیە کە لە خوێندنەوەیدا بەشێوەیەك تاساندمی، دوای هەفتەیەك نەدەکەوتمەوە سەرخۆم، لە سەرەتادا توشی بێ ئیشتیای خواردنو قسەکردنی کردم، دوایش گەیشە بێ خەویو تێکچونی سلوکی ڕۆژانەم.. ئای چ ڕۆمانێکی گەورەو گرنگە.

سەرەتا ئەم ڕۆمانە بە ژینگەیەکی ئایدیالٚت ئاشنا دەکات کەتێیدا خێزانێکی ئەرستۆکراتی ئێرانی دەسەلاٚتدار لەناو کۆشکێکی گەورەدا بەشادیو دوورلەخەم دەژین، جگە لەسەروەرانی خێزانەکە، چەندان ڕەعیەتو کلٚفەت بەشداربون لە بەڕێوبردنی ئەو ژیانە پڕ خۆشەویستیە، هەموو شتەکان لەسەر ڕەوتی ئاسایی خۆیان دەڕۆن. (سودابە خانم) ڕەمزی دایکێکی میهرەبان بوو میهرەبانی خۆی بە شێوەیەکی ئەندازەیی دابەشکردبو، ژنێك بو کە دەیتوانی لەیەك کاتدا مایەی ئاسودەکردنی مێردەکەیو خۆشەویستی منداڵەکانیو تەنانەت کارەکەرو کلٚفەتەکانی ناو ئەوماڵە بێت .

ئەزمون کردنی ژیان بەشێوەیەکی وردو یەکسان لەکەسێکی وەکو( بەسیرو لمولك)دا نیشانەی هەیبەتی پیاوێکی خوێندەوارو هۆشیاری هەست ناسك بو کە ئێواران لە کار دەگەڕایەوە، گوێی بۆ شیعرە ناسکەکانی حافز دەگرت.

سێ منداڵ کە لە ئەوان کەوتبونەوەو هێمای شادیو خۆشی بونو بەجوانترین شێوەو لەناو نازونیعمەتدا پەروەردە دەکران.

ئەم ماڵە کە لەناوەوە لە دورگەیەك دەچو، کەتیایدا بۆ هەمیشە غەم باری کردبێ، بەئەندازەی چرا درەوشاوەکانی سەرتاقی ژوورو حەسارەکانی شادی بەسەردا دەباری.

بەلاٚم ئەسەف ئەم سروشتە جوانە گۆڕا وەك ئەوەی لەدەرەوەی ئەم خێزانەدا لەشکرێك وەستابێو چاوەڕێی هێرشکردنە سەر ئەم ئیمپڕاتۆریەتە جوانە بێ، یان تەواوی شار ئێرەییان پێبەرێو جادویان لێبکەن.

کچی ناوەنجی (مەحبوبە) عاشق دەبێ، دەکەوێتە ناو داوی ئەویندارییەوە ئەو عەشقەی لە تەواوی یاساو ڕێساکانی ئەو خێزانەی هەلٚدەگێڕێتەوە. دەبێتە سەرەتایەکی دژوار کەدواتر تراژیدیەکی مەزن دروست دەکاتو تا مردنی دوایین کەسی ئەو خێزانە شوێنەوارەکەی دەمێنێت.

(مەحبوبە) لەوکەماڵی دەوڵەمەندیو پێگە کۆمەلاٚیەتیەی دێتە خوارەوەو وەکو چارشێوێکی ڕەش فرێی دەداو عەشقی (رحیم) ناوێك دەبێت کە شاگردی دارتاشە.

مەحبوبە کە چەند جارێك هاتوچۆی دوکانەکەی رەحیم دەکاتو ڕەحیمیش چەند دێرە شیعرێکی حافزی بەخەتاتی دەنوسێ ئاگری عەشقی رەحیم لە دلٚیدا پەرەدەستێنێو روحی یاخی بونو شەڕانگێزی تێدادروست دەکات، ئامادە دەبێت لە پێناو رەحیمدا لە هەموو سەروەریەك تەنازول بکات.

ئای عەشق هەندێك جار چ ئافاتێك لەگەڵ خۆتدا دەهێنی، چ جەنگێك دروست دەکەیت کە تەواوی جوانیەکان تیایدا لەبەین دەچن، جەنگێك کە دۆڕان لەسەرەتاکانیەوە دەست پێدەکات.

ئەم عەشقە یاخی بونەی مەحبوبە یەك یەك چراکانی شادی ئەو خێزانە دەکوژێنێتەوە، دەبێتە سەرەتایەك کە ئارامی ئەو ماڵە دەشلەقێنێو پەنجەرەکان لەسەر حەنانو خۆشەویستی دایكو باوك پێوە دەدات .

کچێکی(١٥) ساڵ دەیەوێت لەو کلتورە یاخی بێت بەومانایەی عەشق باوەڕی بەو سنورە کۆمەلاٚیەتیانە نیە کە خێزانو کۆمەڵگا دروستیان دەکەن .

(مەحبوبە) پێی وابو کە سروەی شەماڵی عەشق هەڵیکرد دونیا دەکاتە پانتایی وەدیهێنانی سەراپای خەونەکان، جیاوازیەك لە نێوان بەگزادەو کەسەکانی دیکەدا ناهێڵێت .

ئەو پێی وابو ئەوە سامانو سەروەت نیە کە شۆرەتو کەسایەتی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەلٚکو ئەوە عەشقە کە هەموو ئەوانەو تەواوی خۆشگوزەرانیەکان دەبەخشێ ئەگەرچی کەلۆترین مەخلوق هەلگری ئەم عەشقە بن .

(مەحبوبە) دوای ئەوەی چەندان داواکاری هاوشانی خۆیو خانەوادەکەی هاتنە داوای، بەبێ هیچ بیانویەك ڕەتی دەکردنەوە وەکو خۆی دەڵێت ( بۆ بەهانەیەك دەگەڕام کە ڕەتیان بکەمەوە، بەلاٚم لەبێ بەختی مندا هیچ کەمو کوڕیەکیان نەبو )، من عەشقی رەحیمی دارتاش بوم دەم گوت ئەو ژیانە شیرینە لەگەڵ ئەودا دروست دەکەم.

چەندان ڕێگیریم لێکرا، هەر لەگرتنەوەی خۆشەویستیەوە، ئامۆژگاری، توڕەبون، ئیهمال کردنو لێدان، بەلاٚم سودی نەبو دەمگوت ژیان بەبێ رەحیم دەبێت مردن بێت زۆرکەس دەخالەتی لەم مەسەلەیەدا کرد، لە کۆتاییدا باوکی مەحبوبە لەتاو ئەو پارچە جگەرەی کە دەبینێت ڕۆژ بەڕۆژ زەرد هەلٚدەگەڕێ، ناچار بو ئەم زەهرە بخواتەوە ئەو سوکایەتیە لەبەر مەحبوبە کە زۆری خۆشدەویست قبوڵ بکات .

مەحبوبە لەو ماڵە پڕ لە گوڵو نازو نیعمەتە هاتە دەرەوەو پێی وابو کە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن بە عەشق ئەو شێوە ژیانە دروست بکەن، تەواوی ئەو سوکایەتیە کۆمەلاٚیەتیەی کردە قوربانی (رەحیم)ێك کە تەنها بە قژی درێژو چەند دێرە شیعرێکی حافیز مەحبوبەی رام کردبو .

باوکی مەحبوبە (بەسیرو لمولك) لەشەوی مارە بڕینی مەحبوبەدا کە وەك کۆستێکی گەورەی کەوتبێتو کچەکەی لەدەست دەرچوبێت، ئەو پیاوەی ئەزمونەکانی ژیان ئەوەندەیان قاڵ کردبۆوە، دەتگوت فاڵ گرەوەیەکی لێهاتوە، خانوێکی بچوکی بەتەواوی پێداویستیەکانیەوە بە کچەکەی بەخشی، دوکانێکی بۆ رەحیم کڕیو مانگانەش پارەی خەرجی بۆ کچەکەی (مەحبوبە) دەنارد، ئەگەرچی شەوی بردنی مەحبوبە بەسیر لمولك وەك ماری زامدار پێچی دەخواردو بەدەنگی بەرز دەگریاو هاواری دەکرد( مەحبوبە دەڕواو دەگەڕێتەوە). بەڵێ مەحبوبە چوە یەکەم ژوانی ئەو ژیانە سادەیەی کە پێی وابو دەبێتە ئەو جەننەتەی کە ئەو یەکەم کەسە دروستی دەکات .

هەرچەندە مەحبوبە هەر لەسەرەتاوەو لەڕۆژانی یەکەمەوە وەکو لەبەرزاییەکی گەورەوە خۆی هەلٚدابێتە خوارەوە، یان بازێکی زۆر گەورەی هاویشتبێت، هەستی بە نامۆییو تەنیایی دەکرد، بەلاٚم چونکە سەرەتا بوو (رەحیم)یش لەم سەرەتایەوە خۆشەویستی باوەشی کچێك کە زۆرێك لە خاوەن پلەو پایەکانی کۆمەڵگا ئاواتەخوازی بون لە خەوێکی قوڵدا بو، مەحبوبە کە سەیری دەستو بازو چاوەکانی رەحیمو قژە پەرێشانەکانی دەکرد هەستی بە ئاسودەیی دەکرد، بۆنی داری هەلٚدەمژی پڕ بە سیەکانی، رەحیمیش هەروا، بەلاٚم ئەو ژیانە سادەو ساکارو پڕ لە خۆشەویستیە لە چەند مانگێك تێنەپەڕی وەختێك دایکی رەحیم هاتە ناو ژیانیانەوە روە راستە قینەی رەحمیش دەرکەوتو بوە سەرەتای نشوستیەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو عەشقەی رەحیم کاڵ دەبۆوە، دایکی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابو ئەم ژیانەیان تێکبدات بۆ بێبەختی مەحبوبە سکی بو دژواریەکان بەردەوام بون، منالٚیان بو تەنانەت مەحبوبە نەیوێرا ئەو ناوەی لێبنێت کە لە مێژبو هەڵی گرتبو، منالٚەکە بەبێ سەرپەرشتی بەڕەلاٚی کۆلاٚن کرا، رەحیم ئازاری مەحبوبەی دەداو هەرجارێ بیانوێکی لێدەدۆزیەوە ئەو پارەیەی کە باوکی بۆی دەنارد، لێی دەسەند نەدەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەردەوام مەحبوبە لەگەڵ دایکی رەحیمدا ڕوبەڕوی جنێودانو سوکایەتی دەبۆوە سەرەنجام منداڵەکەیان لەبێ سەرپەرشتی کەوتە حەوزی دراوسێیەکیانو خنکا، ئیتر مەحبوبە کە یەخسیری کورەکەی بو، ئەوەشی لەدەست چو، بەردەوامیش رەحیم سەرگەرمی سەرکێشیەکانی خۆی بو، سەری کردە سەر مەشڕوب خواردنو بێکاری، مەحبوبە هەر پێی وابو دوای نەمانی (ئەلٚماس) ی کوڕیان، جارێکی کە دەست بە ژیانی ئاسایی خۆیان بکەنەوە، رەحیمیش بۆ خەلٚەتاندنو فێلٚەکانی، مەحبوبەی دلٚنیا دەکردەوە کە ئێستاش عەشقی ئەو لەپەرەسەندندایە لەدلٚیدا، مەحبوبە بەبێ ویستی خۆی سکی دووەمی کردو شەڕەکانی رەحیم گەورەتر بون ئەم جارە سوکایەتیەکانی گەیشتە ئەوەی کە بە ئارەزوی خۆی، لێی ئەدا شەوانە لەماڵەکەی خۆیدا لەسەر جێگای مەحبوبە لەگەڵ ئافرەتانی دیکەدا دەخەوت ئا لێرەوە مەحبوبە گەورەترین هەلٚەی کرد کە دواتر تا مردنیش ئەوهەلٚەیە کردیە مرۆڤێکی نامۆو تەنیا ئەویش لەباربردنی منداڵەکەیبو کە کۆتایی سکی بو لە هەموو ژیانیدا کردی هەستیکرد هیچ شتێك نەماوە بەو ماڵەوە پەیوەستی بکاتو وای لێبکات لەگەڵ رەحیمدا بژی، سەرەنجام لەو ماڵەو ژیانە هاتە دەرەوە، گەڕایەوە بۆ ئەو ماڵەی کە بە جەنگ لێی دور کەوتەوە بەلاٚم لەدوای ئەوە لە گەورەترین گەمەی ژیاندا دۆڕا .